Research Center

06-01-2022

# شەڕی لایەنە شیعەکان لە پەرلەمانەوە بەرەو پارێزگاکان

06-01-2022

### نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** دەستلەکارکێشانەوەی کتوپڕی پارێزگارەکانی زیقار و نەجەف لە کۆتاییەکانی 2021 و، ڕاگەیاندنی پشووی ناوچەیی لە 14 پارێزگای عێراق بە بۆنەی ساڵیادی کوژرانی قاسمی سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، نوێترین پەرەسەندنی کێشمەکێشی ڕوو لە هەڵکشانی هەردوو بەرە ڕکابەرە شیعەکەی موقتەدا سەدر و لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هاوئاهەنگین.

**RRC |**

**یاسین تەها|**

دەستلەکارکێشانەوەی کتوپڕی پارێزگارەکانی زیقار و نەجەف لە کۆتاییەکانی 2021 و، راگەیاندنی پشووی ناوچەیی لە 14 پارێزگای عێراق بە بۆنەی ساڵیادی کوژرانی قاسمی سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، نوێترین پەرەسەندنی کێشمەکێشی ڕوو لە هەڵکشانی هەردوو بەرە رکابەرە شیعەکەی موقتەدا سەدر و لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هاوئاهەنگین.

سەدر کە پاش پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، زۆرینەی بۆ خۆی مسۆگەرکرد، چاوی لەسەر گواستنەوەی ئەم باڵادەستییەیە لە پەرلەمانەوە بۆ جومگەو ئاستەکانی دیکەی بڕیار کە پارێزگاکان دیارترین و گرنگترینیانن. نەخشەی سیاسی دابەشبوونی پارێزگارەکان کۆنە و هی ساڵی 2013 یە کە تێیدا مالیکی و لیستەکەی (دەوڵەتی یاسا) باڵادەست بوون لە عێراق، لەو کاتەدا لە هەڵبژاردنی 12 پارێزگادا، لەژمارەی دەنگ و کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، زۆینەیان لە هەشت پارێزگا مسۆگەرکرد، بەدوای ئەویشدا مەجلیسی ئەعلا و پاشان لیستەکەی سەدر هات، ئەم هاوکێشەیەش لەگەڵ ئێستا نایەتەوە کە سەدر بەتەنها دەوروبەری 40%ی کورسییەکانی شیعە و 22%ی کورسییەکانی هەموو پەرلەمانی بەدەستەوەیە.

پلانی سەدر بۆ کۆنترۆڵکردنی پارێزگاکان لە زیقار (ناسریە) وە دەستپێکرد کە بە "پایتەختی شۆڕش" ناسراوە و، لە دوای 2019 تشرینییەکان کردیانە نمونەی خۆیان بۆ دوورخستنەوەی حیزبەکان لە شار. ئەحمەد خەفاجی، پارێزگاری زیقار کە پزیشکێکی پسپۆڕی دڵ و هەڵسوڕاوێکی کەرتی تەندروستییە، شەش مانگ پێش ئێستا پۆستەکەی وەرگرت، لەماوەی دوو ساڵدا ئەو چوارەم پارێزگارێك بوو کە بۆ زیقار دیاریبکرێت. هەموو پشتیوانییەکی سەرۆکوەزیرانی عێراق و خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی حەبوبیی ناسریەشی هەبوو کە خۆیان بە نوێنەری دەیان قوربانی تشرین دەزانن، بەڵام لە پڕێکدا بەپاساوی قبوڵنەکردنی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی پارێزگاکە دەستلەکارکێشانەوەی پێشکێشی سەرۆکوەزیران کرد و ئەویش قبوڵی کرد. بەمەش رێگای بۆ جێگری یەکەمی خۆی کردەوە کە کادرێکی سەدرییە، تاوەکوو جێگەی بگرێتەوە. زیقار لەلایەك پێگەیەکی تایبەتی هەیەو ماوەیەکی زۆرە لەدەستی حزبەکان دەرچووە، لەلاکەی تر بودجەی سندوقی ئاوەدانکردنەوەی ئەم پارێزگا وێرانە، زیاتر لە 805 ملیار دینارە و تێکڕای پارەی تەرخانکراو بۆ گێڕانەوەی ژیان تێیدا، دەگاتە دەوروبەری ترلیۆنێك دینار و باوەڕی زاڵیش ئەوەیە چاوبڕینە ئەو بودجەیە هاندەری سەدرییەکان بووە بۆ دەرپەڕاندنی پارێزگار.

بەدوای کشانەوەی پارێزگاری زیقار، لوئەی یاسری پارێزگاری نەجەف داوای بەخشینی لە پۆستەکەی کرد و، بەر لەوەی بەفەرمی دەستلەکارکێشانەوە رەوانەی سەرۆکوەزیران بکات لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا بڕیارە کتوپڕەکەی ئاشکرای کرد. یاسری، کە ماوەی شەش ساڵە پارێزگاری پایتەختی رۆحی شیعەکانە، پێشتر یەکێك بووە لە کادرە دەرکەوتووەکانی حیزبی دەعوەی مالیکی، کشانەوەکەشی چەند رۆژێکی کەم پاش ئەوە هات کە سەدر لە بینای شارەوانی شارەکەوە هەڕەشەی ئەوەی کرد "کار لەسەر لادانی پارێزگار دەکەن"، بەم جۆرەش دەرگای نەجەف ئاوەڵابوو بۆ ئەوەی سەدر کاندیدێکی خۆی لە پۆستەکە دابنێت، بەتایبەت پاش ئەوەی پێشوازی لە هەنگاوەکەی یاسری کرد و دەستخۆشی لێکرد بۆ وازهێنانەکەی و، بە دڵنیاکردنەوەی لە پارێزراو بوونی پاداشتی دایەوە.

گوشاری سەر پارێزگارەکانی عێراق بۆ کشانەوە لەلایەن سەدرەوە، لایەنەکانی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی" بێتاقەت کردووە. بۆ رێگرتن لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆکانی زیقار و نەجەفیش، بەفەرمی داوایان لە کازمی کردووە: دەستلەکارکێشانەوەی هیچ پارێزگارێکی دیکە پەسەند نەکات بەوپێیەی لەژێر گوشاردان، بەڵام وادیارە کابینەی پاش هەڵبژاردن جگە لە ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانە، دەسەڵاتی دەستوەردان لە پرسێکی هەستیاری وەهادا نییە. بۆ سەرلەنوێ دانانەوەشی لە ویلایەتی نوێ، کازمی چاوی لە پاڵپشتی سەدرە، ئەگەرنا دەمێکە لایەنە شیعەکانی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی" پێداگرن لەسەر گۆڕینی سەرۆکایەتییەکان و هەر هیچ نەبێت سەرۆکایەتی وەزیران و پەرلەمان، لەبەر ئەمەش هیچ ئەگەرێکی ئەوە نییە کە لەم کاتەدا کازمی بەگژی سەدردا بچێت.

ساڵانی بەرهەڵستیکردنی ئەمەریکا و ڕاڕایی سەدر لە شێوازی بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، دەرفەتی ئەوەیان بە مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووتر دا (2005_2014)، شێوەیەك لە "دەوڵەتی قووڵ" لە ناو دەوڵەتی عێراقدا دروست بکات، ئەویش لە رێگای پڕکردنەوەی هەزاران پلەی تایبەت و پۆستی گرنگی بەتاڵ بە کادرانی حزبی دەعوە و، دواتریش بە دەستوپێوەندی نزیکی خۆی کە ئامۆزا و

زاواکانی سەرپەرشتییان دەکردن، بەڵام دوورکەوتنەوەی مالیکی لە دەسەڵات لە حەوتساڵی رابردوودا و، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 10ی تشرینی 2021، دەرفەتی ئەوەیان بۆ سەدر رەخساندووە کە هەوڵی قڵپکردنەوەی هاوکێشەکە بدات بەتایبەت پاش ئەوەی لە خولی پێشوودا (2018_2021) پۆستی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران و پارێزگاری بانکی ناوەندیی خستەژێر رکێفی رەوتەکەیەوە. یەکەمیان (حەمید غزی) وەك وەزیری سەرجەم وەزارەتەکان کاردەکات و دووەمیش (مستەفا مخیف) بڕیاربەدەست و بەرپرسە لە سیاسەتی نەختینەیی و کاروباری دراو و یەدەگی وڵات و راوێژکاری یەکەمی دەوڵەتە لەسەرجەم کاروبارە داراییەکان.

لەپاش ئەوەی سەدر پارێزگارەکانی بە نیشانە گرتووە، لایەنە شیعەکانی رکابەری ئەو، لە دووەم ساڵیادی کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیسدا (3ـ1ـ 2020)، پشووی ناوچەییان بەسەر 14 پارێزگا لە کۆی 15 پارێزگاردا سەپاند. پارێزگاری میسانیش (عەلی دوای) کە تەنها پارێزگارە کە پشووەکەی رانەگەیاند لە عەممارە، چووە ژێرباری ئەوەی لە قوتابخانەکاندا ئاڵا هەڵبکرێت و سرودی نیشتمانی بگوترێتەوە و گردبوونەوەیەکی بیرهێنانەوەش بۆ ساڵیادەکە رێکبخرێت. هەندێك لە پارێزگاکانیش (کەرکوك بەنمونە) دوای نیوەشەوی 2_1، لە بەرەبەیانی رۆژی دوو شەممە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پشووەکەیان راگەیاند. پارێزگاری بەغداش پێشتر پشووەکەی جاڕدابوو. حکومەتیش لەناوچەی سەوز کاری خۆی دەکرد و پشووەکە نەگەیشتە وەزارەتەکان. سەرجەم ئەمانەش نیشانەن بۆ قەبارەی گوشارەکان و ئەو شپرزەییەی لە بەرداشی ململانێی شیعە حوکمڕانەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتدا دروستبووە.

گواستنەوەی کێشمەکێش بۆ پارێزگاکان لەنێوان بەرەی سەدر و بەرەی حەشد، لەکاتێکدایە کە دەرگاکانی چارەسەر لەبارەی حکومەت و پەرلەمان بەداخراوی ماونەتەوە و پێداگری زۆری سەدر بۆ حکومەتی زۆرینە رێگرە لە ئەگەری هاتنەدی سازانی ناوخۆیی شیعەکان. هەندێك بۆچوونیش پێیانوایە پشووە تۆپزییەکەی پارێزگاکان گوزرێکی گەورەیە لە سەرکەوتنی ئەگەری "حکومەتی زۆرینە"، چونکە چەکدارەکان لە دەرەوەی پەرلەمانیش هەمووکات دەتوانن مەرجی خۆیان بسەپێنن، بەهۆی ئەوەش کە پارێزگارەکانیش ئەڵقەیەکی لاوازن لە سیستمەکە و هەریەکەشیان کۆمەڵێك دۆسییەی گەندەڵی و بەهەدەردانیان لەسەرە، زیاتر گوێڕایەڵی گروپەکان دەبن هەتا پەرلەمان و لۆژیکی یاسایی و زۆرینەی سیاسی، ئەویش لە وڵاتێکدا کە چەك و مەزهەب زیاتر ئاراستەی رووداوەکانی دەکات.